# موعارەزەی عیراقی لەگەڵ گورگدا گۆشت دەخۆن و لەگەڵ مەڕدا شین دەکەن

"لە سەرەتای مقاوەمەی دژی کودەتای ٨ی شوبات لە گەڕەکی «حی الاکراد» لە بەغداد تاکە چەکێک هەبوو، ئەویش ڕەشاشە چکۆلەکەی من بوو. ئێستا هەرچەند بە بۆنەی بیانوویەکی درۆوە، بەڵام لە ڕاستیدا لەسەر ئەوە گیراوم و دەشزانم هەر لەسەر ئەوە ڕۆژێک دەمکوژن."

**حاجی عەباس مەندەلاوی**

*گفتوگۆیەکی مەحرەمانە لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕەدا لە گرتووخانەی «أمن العامە»ی بەغدا، هاوینی ١٩٦٧.*

**ڕەوفە شەل**

شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ٩٥٨ بناغەی شەریکە نەوتییە جیهانییەکان و سەرمایەداریی بە جۆرێک هەژان کە بینای سیستەمەکەیان لە ناوچەکە و لە جیهاندا کەوتە بەر مەترسیی داڕووخان، بۆیە ئەمریکا و ئینگلیز دەستبەجێ کەوتنە خۆ بە یارمەتیی ڕژێمە دەستکردەکانیان لە چواردەوردا وەک عەرەبیی سعودی و شای ئێران و ئوردن و تورکیا و سوریا و بە هۆی کلکە بەجێماوەکانیان، کە ناویان لێنان بەرەی موعارەزە. لە ئەنجامی ئەم گەلەکۆمەکییەدا لە ٨ی شوباتی ٩٦٣دا کودەتایەکی وا ساز کرا کە سەرانسەری عیراقیان کرد بە قەسابخانەیەک کە تا ئێستاش بە هەمان تەوژم و گوڕەوە هەر بەردەوامە، بەڵێ لە ئەنجامی ئەوەدا ڕژێمی دیکتاتۆری قاسم هەڵپێچرا، بەڵام عیراق بۆ یەکجاری بوو بە گۆمی خوێن.

جەماوەری عیراق بە گشتی و بەغداد بە تایبەتی و لە پێش هەمووانەوە برا کوردە فەیلییەکان زانیان چ مەترسییەکی گەورە چاوەڕێیان دەکات، بۆیە دەمودەست وەک یەک ڕژانە سەر جادە بە دەستی بەتاڵ پەلاماری دەبابەی کودەتاچییەکانیان دا، لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا ژمارەی کوژراو مێژوونووسەکان تەقدیری دەکەن بە ٣٠ تا ٥٠ هەزار.

ڕژێمی تازە کە پێکهاتبوو لە بەرەی موعارەزە، لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێت خۆی لە بەردەم مقاوەمەی قارەمانانەی خەڵکدا ڕابگرێت، جگە لە ناتەبایی ناوخۆیان، بۆیە ئینگلیز و ئەمریکا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەستنیشانی حیزبی بەعسیان کردبوو کە ببێتە فەرمانڕەوا، کەوتنە پیلانگێڕان تا کودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨یان سازکرد، بەڵام ئەم ڕژێمەش لەوەی پێشوو لاوازتر بوو لەبەر دوو هۆ یەکەم: بە هۆی **بەدناوی حیزبی بەعس و پیاوەکانی،** دووەم بە هۆی ئەوەوە کە مقاوەمەی خەڵک لە شڵەژان و چەواشەیی ڕزگاری بووبوو، بەرەو ڕێکخستنی کاری مەنهەجی مقاوەمە دەچوو، بۆیە سەرمایەداریی جیهانی دەست بە کار بوون بە یەک بۆ یارمەتیدان و پشتگرتنی ئەم حیزبە، لە پێش هەمووانەوە ئەمریکا و سۆڤیەت، دووقۆڵی دەستیان تێکەڵ کرد، سۆڤیەت هەر هەموو کەرەسەی پڕوپاگەندەی خۆی خستە کار بە حیزبی شیوعی عیراقیشەوە بۆ پاککردنەوەی ڕووی ڕەشی بەعسییەکان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بۆیان، لە لایەک و لە لایەکی تر دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و شەریکە نەوتەکان کەوتنە یارمەتیدانێکی گەورە بۆ چارەسەری باری دارایی ئەم ڕژێمە.

بە بەرزکردنەوەی نرخی دینار تا گەشتە ڕادەی دراوە قورسەکانی جیهان و بگرە زیاتریش، کڕینی نەوت بە لێشاو، ئەمانە هەموو توانایەکی زۆریان بەخشی بە بەعسییەکان بۆ لێدان لە مقاوەمەی خەڵک و هاوشان لەگەڵ دەستکاری ئیسلاحاتێکی وا کە لە خزمەتی گێلکردنی خەڵکدا بێت.

ئا بەو جۆرە سەرمایەداریی جیهانی و بەرەی موعاریز توانیان بە ڕێکخستنی پیلانەکانی ٨ی شوباتی ٩٦٣ و ١٧ی ٩٦٨ و هێنانی سەددام حوسەین بۆ سەر کار و بەرپاکردنی شەڕی کورد و شەڕی عیراق ـ ئێران شەڕی ئەمریکا و عیراق، تۆڵەی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ٩٥٨ لە خەڵک بکەنەوە، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە مقاوەمەی خەڵک لە بەین بەرن. لەوەتی ئەم ڕژێمە حاکمە ئەرک و فەرمانەکانی موعارەزەی عیراقیش بێ جیاوازی ئەوە بووە سواری ملی ناڕەزاییەکانی خەڵک ببێت و بە کاریان بهێنێت و هەڵیان گێڕێتەوە بۆ خزمەتی ڕژێمی بەعس و ئاشکراکردنی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەم گەلە و ناردنیان بۆ قەسابخانەکانی ڕژێم.

**ڕاپەڕینی ئاياری ١٩٩١ ڕاپەڕینێکی لەپڕی چاوەڕێنەکراو نەبوو،** بەڵکوو بەردەوامیی ڕاپەڕینی ١٤ی تەمموز و مقاوەمەی ٨ی شوبات بوو، ئەنجامی ڕاپەڕینەکانی ناسریە و دیوانیە و حلە و موسڵ و کەرکووک و سلێمانی و هەڵەبجە و ڕاپەڕینی هەزاران سەربازی لە شەڕ هەڵهاتوو بوو. ئەوە بوو ئەم ڕاپەڕینە پەتی خنکاندنی لە ملی سەددام توند کرد، بەڵام ئەمریکا زانی کەسێکی تری وەک سەددامی دەست ناکەوێت بە پەلە پەشیمان بووەوە لە بەڵێنەکانی (بوش) و جەنراڵەکانی تر، هەر دوای قەسابییەکی بێ ڕەحمانە لە ڕۆڵە بە زۆر ڕاپێچراوەکانی شەڕی کوەیت، پاراستنی هێزە تایبەتەکانی بەعس و قەسری جمهوری، هێزێکی وایان بەخشی بە سەددام کە بتوانێت قەلاچۆی ڕاپەڕینەکەی پێ بکات، لەو لاشەوە موعارەزە بە پەلە کەوتنە پشتگرتنی سیاسەتی ئەمریکا لە عیراقدا کە ئەویش بریتی بوو لە پشتگرتنی سەددام و ڕژێمەکەی، ئەمریکاش بۆ ئەمە گیرفانی بەخشینی بۆ خستنە سەر پشت، لە سەرێکەوە سەددامی پێویست بوو بۆ دامرکاندنەوەی هەر ڕاپەڕینێک و بۆ هێشتنەوەی وەک کوتەکێک بۆ سەر دەوڵەتە دراوسێکانی بۆ بازاڕگەرمیی فرۆشتنی چەکەکانیان، لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لە ئامێزگرتنی موعارەزەی عیراقی وەک هێزێکی ئیحتیات بۆ جێگاگرتنەوەی سەددام ئەگەر بەرگەی موقاوەمەی خەڵکی نەگرت و هەروەها بۆ هەڵخەڵەتاندن و گێلکردنی خەڵک.

لە پاش تێکشکاندنی ئاياری ٩٩١ کە عیراق بوو بە دۆزەخی ڕاستەقینە بۆ دانیشتووانی خەڵکێکی زۆر بە تایبەت لاو هەوڵیاندا خۆیان لەو دۆزەخە ڕزگار بکەن، بە کۆمەڵ ڕوویان کردۆتە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لێرەش تەنیا لە هەوڵی ئەوەدان شتێک پەیدا بکەن و بینێرنەوە بۆ کەسوکاری برسی و لێقەوماویان.

بەعسییەکان بەرانبەر بەمە دەست لە پشت ڕانەوەستابوون، ئەوانیش کەوتنە بە لێشاو ناردنی کەسانی بەعسی لە هەموو جۆرە پلە و بوارێکی جیاوازدا بە ناوی دژە بەعسییەوە بۆ پاڵپشتی بەرەی موعاریز و بۆ دەست بە سەراگرتنی ئەم بەرەیە و ئاشکراکردنی هەر جموجووڵێکی دژ بەو ڕژێمە. وەنەبێت دام و دەسگای ئەم دەوڵەتانە لەمە بێ ئاگا بن. وەک لە سەرەوە باسمان کرد هەمیشە ئەمانە سیاسەتی دوو دەمیان هەیە، باوەش دەگرنەوە بۆ ئەم جۆرە کەسانە، پارێزگارییان لێ دەکەن ئەگەر ڕۆژێک هاتە پێشەوە دەیانکەن بە دەوڵەت.

لەم ئاوارەییەدا مێژووی ئاوارەیی برا کوردە فەیلییەکان کۆنترە و تاڵانکردن و دەرکردنیان، لە مێژوویشدا هەر لە سەرەتای دەوڵەتی عوسمانییەوە کە هێرشە گەورەکانیان هەمیشە بۆ سەر گەلی کورد و شیعە بوو، فەیلییەکان بە دوو سەرە ستەمییان لەسەر بوو لەبەر شیعەبوون و کوردبوونیان.

ئاساییە فەیلییەکانیش وەک هەر تیرە و تایفەیەکی تر لە ژێر هۆکاری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا بوون، کەچی دەوڵەت لەم دەرکردن و ڕاوەدوونانەدا هیچ جیاوازییەکی چینایەتی نەبینی، ڕۆشنبیر و حەماڵ و عالم و ملیۆنەری لە یەک جیا نەکردەوە، هەموویانی وەک یەک ڕامالی بۆ گرتووخانەکان و دەرکردنیان و سەرنگوونی زۆر لە لاوەکانیان.

چەند کەسانێکی کەم نەبێت، ئەو کەسانەی کە بە کڕنۆش و زەلیلی و ترسنۆکییەوە لاشەی چەندان لە بوێرترین و بەوەفاترین ڕۆڵەی ئەم گەلەیان خستە سەر دەست و بە دیاری بردنیانن بۆ دوژمنانیان، ڕاستەوخۆ بوون بە خزمەتکاری ئەڵقەلەگوێ، تەنانەت دژی خێزانەکانی خۆیان، بە هەموو توانایەکیان نووکی قەڵەم و لوولەی چەکەکانیان خستە کار و سەلماندیان کە دڵسۆزترین خزمەتکارن.

ئێستاش ئەوانە دیارە پێستی ڕوویان لە قەڵتاغی پۆستاڵ ئەستوورترە، بێباکن و لە هیچ شتێک شەرمیان نییە، مەولەوی وتەنی: **"موی سپی ڕوی قەڵغانی ڕەشی پیری ڕوڕەشە."** بە فەرمانی ئاغایان ڕوویان کردۆتە ئەوروپا، لە ژێر ناوی جۆراوجۆری عەلاجەوی و دروشمی شاخداردا وەک دەجاڵ کەوتوونەتە دوای ئاوارەکان بۆ خەڵەتاندنیان بە دوای پیلانەکانیاندا.

شتێکی ئاساییە کە موعارەزەی عیراقی وەک هەمیشە لانەی ئەم جۆرە کەسانەیە، باشترین زەمینە خۆشکەرە بۆ جموجووڵەکانیان، ئەو موعارەزە عیراقییەی کە ئیفلیج و دەستەپاچەیە بەرانبەر بەوەی ئەوە دە ساڵ زیاترە گەلی عیراق سەرجەم دەناڵێنێت لە ژێر چەپۆکی سەددام و ئاغاکانیدا، دەناڵێنێت لە ژێر ئابلووقەی ئەمریکا و ئینگلیز و UNدا، بەم بۆنەوە ئێستا نەخۆشیی شێرپەنجە و لیوکیمیا وەک تاعون هەموو ماڵێکی گرتووەتەوە زیاتر لە دوو ملیۆن منداڵ لە ژێر پێنج ساڵەوە مردوون، ئەم وڵاتە گەڕاوەتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کەچی لەو لاشەوە سەددامی ئاغایان ڕۆژی دوو ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێت، تازەترین چەکی سەردەم دەکڕێت، مۆدێرنترین کاخ و کۆشک دەڕازێنێتەوە، کەچی موعارەزە بێ شەرمانە لاف و گەزاف بە یارمەتییەکانی UNەوە لێ دەدەن و خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن، کە هەر هەمووی بریتییە لە دانەوێڵەی نەفرۆشراوی لە عەماردا ڕزیوی بە دەرمان و بە Hentic modifed بە بەرهەمهاتووی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و دەرمانی کۆنی کات بەسەرچوو، لە جیاتی تاڵانکردن و دەستبەسەرداگرتنی هەموو نەوت و سامانی ئەم وڵاتە.

# HADEP و نەورۆزی ٢٠٠١

**کاوە ئەمین**

بە دامەزراندنی دەوڵەتی تورک لە ساڵی ١٩٢٣، دەستکرا بە سڕینەوەی هەموو شتێک کە بۆنی کورد و کوردستانی لێ بێت. ئەتاتورک بانگاشەی سیکۆلاریسم و نوێکردنەوەی دەکرد و هەستا بە گۆڕینی ئەلفوبێی تورکی لە حەرفی عەرەبییەوە بۆ لاتینی، بۆ ئەوەی زیاتر لە بەردەمی قاپیی ئەوروپاییەکاندا خۆی خۆشەویست بکات. ئەوەی ڕاستی بێت کورد بۆ خۆشی لە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی تورکیادا دەستێکی چاکی هەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێک دەرەبەگی کورد هەر زوو بوونە نۆکەری تورکەکان بۆ پاراستنی هەندێک دەسەڵاتی عەشیرەتیی خۆیان.

لە یاسای بنگەیی تورکیادا هاتووە کە "هەرکەسێک جگە لە زمانی تورکی بە کار بهێنێت، یاخود بانگەشەی هەبوونی گەلێکی تر بکات لەتورکیادا، بۆ جوداخوازی و پارچەپارچەکردنی تورکیا تێ دەکۆشێت." بەگوێرەی ئەم یاسایە هیچکەسێک نابێت باسی هەبوونی کورد بکات لە تورکیادا، خۆ ئەگەر ئەم دانپیانانە و باسکردنە بە زمانی کوردی بێت، ئەوا کاری ئەو کەسە یاخود گرووپە زۆر ئاستەمتر دەبێت.

سیاسەتی نکۆڵیکردنی کوردان زیاتر لە ٧٨ ساڵە درێژەی هەیە. هەڵبەت کورد لە باکووری کوردستاندا گەلێک سەرهەڵدانیان بەرپا کردووە، بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی تورک. بەڵام شۆڕشەکانی باکوور زیاتر ناوچەیی یاخود هەرێمی بوون و نەیانتوانی ببنە شۆڕشێکی سەرتاسەری. بۆ نموونە تەنیا لە سەرهەڵدانی شێخ سەعیددا لە ماوەی دوو ساڵدا زیاتر لە ٤٠ هەزار کورد سەرنگونکران لە کۆمەڵکوژییەکی دڕندانەدا، بەڵام شۆڕشی شێخ سەعید نەیتوانی ببێتە شۆڕشێکی سەرتاسەری و هەربۆیەش بە دڕندانەترین شێوە کۆتای پێهێنرا.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لە باکووری کوردستاندا سەرهەڵدانێکی چەکداری بە ڕابەرایەتیی پارتیی کرێکارانی کوردستان سەری هەڵدا، کە زیاتر لە ١٥ ساڵی خایاند. لەڕاستیدا هەڵگیرساندنی شەڕێکی چەکداری بە دژی سوپای تورکیا کە زۆر نەبوو کودەتایەکی سەربازی تیادا کرابوو، ئەندامێکی گوێلەمستی ناتۆ و پاسەوانێکی بەوەفای ڕۆژئاوا، کارێکی بوێرانە بوو. ئەمە جگە لەوەی کە گەلی کورد لە دواساتەکانی توانەوەی نەتەوەیدا بوو لە باکووری کوردستاندا. لێرەدا بواری ئەوە نییە بەدرێژی باسی ئەو سەرهەڵدانە نەتەوەییە بکەم، بەڵکوو ئەوەی کە من مەبەستمە خەباتی ئاشکرای گەلی کوردە لە باکووردا بەتایبەتی خەباتی HADEP کە دەستکەوتێکی ڕاستەوخۆی خەباتی چەکدارییە. هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد یاساکانی تورکیا مۆرکی فاشیستانەیان لێدراوە، هەر بۆیە زۆر بە ئاستەم دەتوانرێت خەباتێکی دیموکراتیانە بە ڕێوە ببرێت.

HADEP کە درێژە بە خەباتی سیاسیی پارتییەکانی وەکوو DEP و HEP دەدات کە پێشتر لەلایەن تورکیاوە قەدەغە کران و بەشێک لە نوێنەرەکانیان لەوانە خەتیپ دیجلە و لەیلا زانا زیندانی کران. لە دوای گیرانی سەرۆکی PKK بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلانەوە، خەباتی باکووری کوردستان شێوەیەکی نوێی گرتە بەر بەتایبەت پڕۆژەی ئاشتی PKK و ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، کەم تا زۆر، ڕێگای لە بەردەم هەندێک دەرگای تردا کردەوە. بۆ نموونە بە هۆی هەبوونی شەڕەوە تورکیا دەیتوانی بە سەدان کەس سەرنگون یاخود تیرۆر بکات و ئەوروپاش گەلێک جار چاوپۆشی و بگرە سەری ڕەزامەندیان بۆ دەلەقاندن. بەڵام ئەمڕۆ تورکیا ئەو وەرەقەیەشی لە دەستدا نەماوە و چیتر ئەوروپاییەکانیش ناتوانن چاوپۆشی لە تاوانەکانی تورک بکەن. تورکیا کە کاندید کراوە بۆ هاتنە ناو یەکێتیی ئەوروپا دەیەوێت بە پێشاندانی ڕیفۆرمی سەرەتایی، بەبێ ئەوەی باسی چارەسەری کێشەی کورد بکات، چاوبەست لە ئەوروپاییەکان بکات، ئەمەش هەر لاساییکردنەوەی ئەو نەعامەیەیە کە بۆ خۆشاردنەوە تەنیا سەرە بچکۆلەکەی دەشارێتەوە و بە زیادیشی دەزانێت.

ئەندامانی HADEP و لایەنگرانی PKK لە نەورۆزی ئەمساڵدا بەتایبەت لە دیاربەکر (ئامەد) کە زیاتر لە نیوملیۆن کورد بەشداریان تێدا کرد، جارێکی تر مستێکی ئاسنینیان لە دەمی فاشیزمی تورکی دا، بەتایبەتی بە بەرزکردنەوەی هەزاران ئاڵای کوردستان و نەبوونی تاقە یەک ئاڵای تورکی لەو خۆپیشاندانە نەتەوەییەدا.

جێگری سەرۆکی HADEP بەڕێز ئوسمان ئۆزچەلیک، لە سمینارێکدا لە ڕۆژی ٣١ - ٣ لە سوید دووپاتی ئەوەی کردەوە کە HADEP تا بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و ئازادی و یەکسانی لە بەینی تورک و کورددا درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. جێگری سەرۆکی HADEP بۆ دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید ئانا لیند لە سوید بوو، بۆ گفتوگۆکردن و ڕیزبەندیکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد لە بەرانبەر وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا، جێگری سەرۆکی هادەپ، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر لە تورکیادا ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد بدرێت ئەوا HADEP دەتوانێت بە ئاسانی بچێتە ناو پەرلەمانی تورکیاوە، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ چوونە ناو پەرلەمان دەبێت هەر پارتییەک ١٠٪ی دەنگەکان بە دەست بخات.

HADEP ئەمڕۆ لە مەیدانی دیپلۆماسیشدا دەورێکی بەرچاوی هەیە، چاوپێکەوتنی نوێنەرانی HADEP لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید، کە ئەمڕۆ سەرۆکی یەکێتیی ئەوروپایە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ HADEP و دۆزی کورد بە گشتی لە باکووردا.

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا کاتێک HADEP کۆنگرەی چوارەمی خۆی لە ئانکارا گرت، نزیکەی سەد هەزار کەس بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەکەدا بەرەو ئەنکارا کەوتنە ڕێ، ئەم بزووتنەوە سیاسییە لە هیچ دەڤەرێکی دنیادا نەبینراوە، کە سەد هەزار کەس لە کۆنگرەی پارتییەکدا بەشداری بکات. لەگەڵ هەموو ئەم کردەوە شارستانییانەدا فاشیزمی تورکی ڕێگا نادات بۆ چارەسەرییەکی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکووردا. ئابووریی تورکیا تا دێت بەرەو خراپی دەچێت. ئێستا تورکیا زیاتر لە ٢٠٠ ملیارد دۆلار قەرزدارە. لە شەڕی کوردیشدا زیاتر لە ١٥٠ ملیاردی سەرف کردووە و بەنیازە لە ماوەی دە ساڵی داهاتووشدا بایی ١٥٠ ملیارد چەک بکڕێت. ئایا فاشیزم و چەتەی دەوڵەتی نەبێت کێ دەتوانێت چاوبەستێکی ئاوا، لە میللەتێکی برسی وەکوو تورک بکات.

کێشەی کورد لە باکوور و تورکیادا بووەتە گرفتێکی گەورە بۆ تورک کە ناتوانن چیتر چاوپۆشی لێ بکەن، HADEP و PKK ش خەو و خۆراکیان لە تورکیا بڕیووە و مەحاڵە بهێڵن ئارامی لە تورکیادا بەرقەرار بێت، بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئەوروپاش کە لەدووی بەرژەوەندیی خۆیانن، ناتوانن وڵاتێک بکەنە ئەندامی خۆیان کە زمانی گەلێک قەدەغە بکات و نکۆڵی ٢٠ ملیون کورد بکات لە باکووری کوردستان و تورکیادا.

گەلی کورد لە دیاربەکر لە نەورۆزی ئەمساڵدا، بە وتنی سرودی "هەرنە پێش هەرنە پێش دەور دەورا وەیە - وڵات چاوەڕێی شۆڕشا ئێوەیە" دووپاتیان کردەوە کە ڕازی نابن بە ژێردەستی و توانەوە لەناو تورکدا. هەمان کات بوونە یەکەمین گرووپی کۆڕ لە جیهاندا لە کاتێکدا نیوملیۆن کەس بەیەکەوە سروودی هەرنە پێشیان دەوتەوە و هاواریان دەکرد کینە ئەم .. کوردین ئەم....